
مەسرور بارزانی: ئەم جەژنە لە دۆخێکی سەختی دارایيدا دەکەینەوە



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە رایدەگەیەنێت، ئەم جەژنە لە دۆخێکی سەختی دارایيدا دەکەینەوە، هەمو هەوڵێك دەخەینگەڕ بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و لابردنی ئەم ستەمە ناهەوایەی بەرامبەر موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

مەسرور بارزانی لەپەیامێکدا کۆدەستی موتێوع کوتووە باویکردەوە، بۆ بۆنەی هاتنی جەژنی پیرۆزی قوربان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی گشت موسڵمانانی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم ، بۆ تایبەتی جەژن لە پشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان پیرۆز بێت، هیوادارم ڕۆژانی جەژن لە ئارامی و ئاسودەیيدا بەسەر ببەن".

ڕاشیگەیاندوە، "جێی داخ و نیگەرانییەکی قوڵە ، ئەم جەژنە لە دۆخێکی سەختی دارایيدا دەکەینەوە بە هۆی سزادانی بە کۆمەڵی هاوڵاتیيانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، بەناو دنیایی دەدەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەمو هەوڵێك دەخاتەگەڕ بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و لابردنی ئەم ستەمە ناهەوایەی بەرامبەر

موچەخرانی هەرمی کوردستان دەکرێت".